# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٦١)ساڵی بیستەم ٢٨/ کانونی دووەم/٢٠٢١/ زاینیی ٨/ رێبەندان/ ٢٧٢٠/ کوردی ١٥/جمادی دووەم/١٤٤٢ کۆچی


**261**

## لەم ژمارەیەدا :


**بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمانی کوردستان** ل ١

متمانەدان بە (کمال عبدالحمید عبدالرحمن) بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتییەکان

**بڕیاری ژمارە (٨٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ٢

تایبەت بە دەرماڵەی لەبڕی کەمئەندامی

**رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ٣

رێنمایی تایبەت بە دەرماڵەی لەبڕی کەمئەندامی

**رێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٤

رێنمایی پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە لە هەرێمی کوردستان

**رێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کارەبا** ل ٢٧

هەمواری یەکەمی رێنمایی ومەرجەکانی پێدانی کارەبا ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩

**بەیانی ژمارە (٥٧) ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٨

**بەیانی ژمارە (٥٨) ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٣١

**بەیانی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی دارایی وئابووری** ل ٣٢

**بەیانی ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی وئابووری** ل ٣٢

**بەیانی ژمارە (٣٦ – ٣٧ – ٣٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی تەندروستی** ل ٣٣



ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎:(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd



نرخی ١٥٠٠ دینارە

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٦١) السنة العشرون ٢٨/ كانوني الثاني /٢٠٢١ ميلادي ٨/ ڕێبەندان/٢٧٢٠/كوردي ١٥/ جماد الثاني /١٤٤٢ هجري

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice


**261**

## في هذا العدد:


قرار رقم (١) لسنة ٢٠٢١ برلمان كوردستان – العراق ص ٣٤

منح الثقة للسيد (كمال عبدالحميد عبدالرحمن) وزيراً للثروات الطبيعية

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

قرار رقم (٨٤) لسنة ٢٠٢٠ رئاسة مجلس وزراء ص ٢

تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٠ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية ص ٣

تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢١ وزارة وزارة الداخلية ص ٤

تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢١ وزارة وزارة كهرباء ص ٢٧

بيان رقم (٥٧) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الداخلية ص ٢٨

بيان رقم (٥٨) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الداخلية ص ٣١

بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢١ وزاره المالية و الاقتصاد ص ٣٢

بيان رقم (٦) لسنة ٢٠٢٠ وزاره الماليه و الاقتصاد ص ٣٢

بيان رقم (٣٦ – ٣٧ – ٣٩) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الصحة ص ١٨



No. 261 Date: January, 28 , 2021 Vol.: 20

چاپخانەی شەهاب هەولێر



http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)



سعر ١٥٠٠ دينار

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢١/١/٦**

**بڕیاری**
**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١ و ٤)ی ماددەی (پەنجا و شەش) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو و ماددەی (شەشەم)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (١)ی خولی هەڵبژاردنی پێنجەم لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/٦ بەسترا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:** متمانەدان بە بەڕێز (کمال عبدالحمید عبدالرحمن) بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتییەکان.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی سوێند خواردنی یاساییەوە لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١/٦)ـەوە جێبەجێ دەکرێ و، لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕێواز فایق حسین**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ٨٥٩٠ لە٢٠٢٠/١٢/١٣**

## بڕیاری ژمارە (٨٤)ی ساڵی ٢٠٢٠

پشتبەست بە ئەحكامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و پشتبەست بە ماددەی (٣/ یەكەم/ یەكەم-٢) لە یاسای چاكسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەكان و خانەنشینی لە هەرێمی كوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠، و ماددەی (١٠) لە پەیڕەوی جێبەجێكردنی یاسای چاكسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەكان و خانەنشینی لە هەرێمی كوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی بە نووسراوی (٦٨٤) لە ٢٠٢٠/١١/٣٠، و لەبەر ڕۆشنایی كۆنووسی كۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٦) لە ٢٠٢٠/١٢/٢، بڕیاردرا بە:

١. دیاریكردنی مافی دەرماڵەی (لەبڕی كەمئەندامی) بە ڕێژەی (٥٠ %) لە سەدا پەنجا لە مووچەی بنەڕەتی كەمئەندامی فەرمانبەر بە مەرجێك لە بڕی (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار تێپەڕ نەكات.
٢. دەرماڵەی هاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بەپێی ڕێژەی كەمئەندامیی دیاری دەكرێت لەلایەن لیژنەیەكی پزیشكیی پسپۆڕەوە بەگوێرەی پێوەرەكانی ئەو ڕێنماییەی كە وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەم مەبەستە دەری دەكات لەبەر ڕۆشنایی یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی كوردستان-عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١.
٣. دەرماڵەی هاتوو لە خاڵی (١)ی سەرەوە بەردەوام دەبێت لە كاتی خانەنشینبوونی فەرمانبەری كەمئەندام، پشتبەست بە بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (شەشەم) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی كوردستان-عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١.
٤. ڕاسپاردنی فەرمانگەی تەكنەلۆژیای زانیاری لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێشكەشكردنی ئاسانكاریی تەكنیكی لە چوارچێوەی پرۆگرامی تۆماری بایۆمەتری مووچەخۆران تایبەت بە سەرجەم وەزارەت و دەستە و لایەنەكانی نەبەستراو بە وەزارەت بە مەبەستی دەستنیشانكردنی ئەو فەرمانبەرانەی بەخشین وەردەگرن لە لیستی كەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت تاوەكو بارودۆخیان بگونجێندرێت لەگەڵ بڕگەكانی ئەم بڕیارە.
٥. سەرجەم وەزارەت و دەستە و لایەنەكانی نەبەستراو بە وەزارەت هەماهەنگی دەكەن لەگەڵ وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی بە مەبەستی جێبەجێكردنی ئەم بڕیارە و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) بڵاودەكرێتەوە.
٦. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی ڕێنمایی وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی بۆ ئاسانكاریی جێبەجێكردنی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) دەكەوێتە بواری جێبەجێكردنەوە.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٣٤٦١ لە ٢٠٢٠/١٢/٢٢**

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٤) لە ٢٠٢٠/١٢/٢ بە پشت بەستن بە ماددەی (٣/یەکەم-٢) لە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) و ماددەی (١٠) لە پەیڕەوی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٢٠)، و لەبەر رۆشنایی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پیداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە ، بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەو رێنماییە:

## رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠
## دەرماڵەی لەبڕی کەمئەندامی

**ماددەی یەکەم:**

دیاریکردنی مافی دەرماڵەی (لەبڕی کەمئەندامی) بە رێژەی (٥٠%) لە سەدا پەنجا لە مووچەی بنەرەتی فەرمانبەر بە مەرجێک لە بڕی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار زیاتر تێپەر نەکات.

**ماددەی دووەم:**

دەرماڵەی هاتوو لەبڕگەی (١) سەرەوە بەپێی رێژەی کەمئەندامی دیاری دەکرێت لە لایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە.

**ماددەی سێیەم:**

دەرماڵەی هاتوو لە ماددەی (١)ی سەرەوە بەردەوام دەبێت لە کاتی خانەنشین بوونی فەرمانبەری کەمئەندام، پشت بەستن بە بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (شەشەم) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١

**ماددەی چوارەم:**

ئەو رێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٠٩ لە ٢٠٢١/١/٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:-

## ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢١
## ڕێنمایی پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە لە هەرێمی کوردستان

### پێناسەکان

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم پێناسانەی خوارەوە ئەو مانایانەی بەرامبەریان دیاری کراوە بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە:

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- **وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

٣- **وەزیر:** وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤- **دەسەڵاتی پێدانی ڤیزە:** وەزیری ناوخۆ.

٥- **بەڕێوەبەرایەتی نشینگە:** بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگاکانی هەرێم.

٦- **ڤیزەی ئەلیکترۆنی:** بەڵگەنامەی ڕێگەپێدانی هاتنە ژوورەوەی هاووڵاتی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕێگای سیستەمی ئەلیکترۆنی کە بۆ ئەم مەبەستە دانراوە.

٧- **بیانی:** ئەو کەسەی هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نییە.

٨- **گواستنەوەی دۆسیە:** ناردنی دۆسیەیی کەسی بیانی کە کارتی نشینگەی هەیە لە بەڕێوەبەرایەتییەکی نشینگە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی تر.

٩- **گۆڕینی دەستەبەری:** گۆڕینی دەستەبەری کەسی بیانی کە کارتی نشینگەی هەیە لە دەستەبەرێك بۆ دەستەبەرێکی تر.

١٠- **بەیەکگەیاندنی خێزان:** گەیاندنی ئەندامانی خێزانی کەسی بیانی بەیەکتر و ئەمەش تەنها دایك و باوك و کوڕ و کچ و هاوسەری کەسی بیانی دەگرێتەوە.

١١- **لیستی قەدەغە:** ئەو لیستەیە کە کەسی بیانی دەخرێتە ناوی بە بڕیاری وەزیر بەهۆی ئەنجامدانی سەرپێچی، یان هەر هۆیەکی تر.

١٢- **لیستی ڕەش:** ئەو لیستەیە کە هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی دەخرێتە ناوی بە بڕیاری وەزیر بە هۆی ئەنجامدانی سەرپێچی.

١٣- **ڤیزەی دەرچوون:** ئەو ڤیزەیەی کە لەسەر پاسپۆرتی کەسی بیانی دەدرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی نشینگە کاتێك ماوەی نیشینگەی لە هەرێم کۆتایی دێت وئارەزوی گەڕانەوەی هەیە بۆ وڵاتی خۆی.

١٤- **کرێکار:** هەرکەسێك کارێکی دیاریکراو ئەنجام بدات بەرامبەر بڕێك پارە و کارەکەی لەژێر سەرپەرشتی خاوەن کار ئەنجام بدات.

١٥- **خاوەن كار:** هەر كەسێكی سروشتی یان معنوی كە كرێكارێك یان زیاتر بەكار بهێنێت بە مەبەستی ئەنجامدانی كارێك بەرامبەر بڕێك پارە.

١٦- **كەسی مەعنەوی:** كۆمەڵێك كەس یان دارایی (اموال) كە مەبەستی ئەنجامدانی ئامانجێكی دیاریكراوە و دانپێدراوی یاسایی هەبێت بەپێی ئەو ئامانجانەی كە هەیەتی.

١٧- **كەسی سروشتی:** هەر مرۆڤێك كە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی و شیاوی یاسایی هەبێت بەپێی یاسا.

١٨- **كارتی هەواڵی گەیشتن:** ئەو كارتەیە كە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەكانی نشینگە ڕێكدەخرێت بۆ كەسی بیانی، كە ڤیزەی پێدراوە بەمەبەستی مانەوەی كە لە شەش مانگ كەمتر نەبێت.

١٩- **كارتی نشینگە:** ئەوكارتەیە كە ماوەكەی لە (٦) مانگ كەمتر نییە و لە (٣) ساڵ زیاتر نییە بە كەسی بیانی دەدرێت و مافی مانەوەی دەبێت لە هەرێم.

٢٠- **دیپۆرتكردن:** دوورخستنەوەی كەسی بیانی كە بەشێوەیەكی یاسایی هاتۆتە هەرێمی كوردستان بۆ دەرەوەی عێراق بە هۆی ئەنجامدانی سەرپێچی، یان هەر هۆیەكی تر بەبڕیاری وەزیر.

٢١- **خاڵی سنووری:** گشت خاڵە سنورییە نیودەوڵەتییە فەرمییەكان (زەمینی و ئاسمانی).

٢٢- **دەركردن (سنووورداش):** دەركردنی كەسی بیانی كە بەشێوەیەكی نایاسایی (قاچاغ) هاتۆتە هەرێمی كوردستان بۆ دەرەوەی سنوورە فەرمییەكان بە فەرمانی بەڕێوەبەری نشینگەكان.

## ماوەی پێدانی ڤیزە

**ماددەی (٢):**

١. پێدانی ڤیزەی هاتنەژوورەوە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ دەبێت بەمەبەستی سەردان یان گەشتیاری.

٢. داواكاری ڤیزەی ئەلیكترۆنی بۆ كەسی بیانی بە هەموو جۆرەكانییەوە، لەڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیكترۆنی (evisa.moi.gov.krd) پێشكەش دەكرێت.

٣. دەكرێت ڤیزەی سەردان درێژ بكرێتەوە بۆ كەسی بیانی پاش هاتنە ژوورەوەی بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ تەنها بۆ دوو جار بەرامبەر بڕێک رسومات كە بەپێی پاشكۆی ئەم رێنمایە دیاری كراوە ، بەمەرجێك هۆكاری درێژكردنەوەكە پەسەند بێت، بە داواكارییەك لە لایەن خودی كەسی بیانی ، و ئەم درێژكردنەوەیە لە دەسەڵاتی بەرێوبەری نشینگەكانە و دەكرێت ڕەوانەی پشكنینی خوێنی بكرێت.

## هەڵە لە زانیاری ڤیزە

**ماددەی (٣):**

١. زانیاری ڤیزەی ئەلیكترۆنی پاش دەرچوون و پێدانی ڤیزە هیچ گۆڕانكارییەكی تێدا ناكرێت و لەكاتی هەبوونی هەر هەڵەیەك ئەو ڤیزەیە بە هەڵوەشاوە ئەژمار دەكرێت، پێویستە ڤیزەیەكی نوێ داوا بكرێت بەپێی داواكارییەک و رسوماتێكی نوێ و جێبەجێكردنی گشت ڕێكارە یاساییەكان.

٢. ئەگەر هەڵەكە هۆكارەكەی لە لایەن وەزارەتەوە بوو ئەوا ڤیزەی نوێی پێ دەدرێت بەبێ بەرامبەر.

## جۆرەکانی ڤیزە

**ماددەی (٤):**

**یەکەم: ڤیـــزەی سەردان :** ڤیـزەی سەردان بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێت: -

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت بەداواکاری ڤیزە لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦) مانگ کەمتر بێت ، وبەلایەنی کەم لاپەڕەیەکی پاسپۆرتی بەتاڵ بێت.

٣- بەڵگەنامەی گەشت مامەڵەی ڕەگەزنامەی ڕەسەنی کەسی بیانی لەگەڵ دەکرێت، واتە ئەگەر هاووڵاتیی بیانی ڕەگەزنامەی ڕەسەنەکەی پێویست بە وەرگرتنی ڤیزە بکات، ئەوا بەبێ وەرگرتنی ڤیزە ڕێگەی پێ نادرێت بێتە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای دەرچوونی (بەڵگەنامەی گەشت)ە کەی لە وڵاتێك کە پێویستییان بە وەرگرتنی ڤیزای پێشوەخت نیە بۆ هاتنە ناوەوەی هەرێمی کوردستان.

٤- ئەگەر کەسی بیانی، لەسەر پاسپۆرت یا (بەڵگەنامەی گەشت)ـە بیانییەکەی ئاماژە بەوە کرا بوو کە شوێنی لە دایکبوونی عێراقە، ئەوا پێویست بە وەرگرتنی ڤیزە ناکات و بێ بەرامبەر ڕێگەی پێ دەدرێت، و ئەگەر مانەوەشی لە هەرێم لە (٣٠) ڕۆژ زیاتر بوو، ئەوا هیچ سزایەکی دواکەوتنی لێ وەرناگیرێت.

٥- لە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی بۆ وڵاتی خۆی و ئەنجام نەدانی ڕێکارەکانی پێدانی کارتی نشینگە ، خاوەن کۆدی ڤیزە دەبێت بڕی ئەو سزایە بدات کە لە گرێبەستی پێدانی کۆدی ڤیزە دیاری کراوە لەبەرامبەر جێبەجێ نەکردنی پابەندبوونەکانی ، سەرەڕای ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر بەڵێندەر دەگیرێتە بەر.

٦- بەڕێوەبەری نشینگەکان دەسەڵاتیان دەبێت بۆ نوێ کردنەوەی نشینگەی ئەو کەسە بیانیانەی کە (٩) ساڵ زیاتر ماونەتەوە لە هەرێم بە مەرجێك بەڵێننامە پڕبکەنەوە کە داوای ڕەگەزنامەی عێراقی نەکەن.

٧- ڤیزەی سەردان دەکرێت بە نیشینگە بۆ مەبەستی بەیەک گەیاندنی خیزان.

**دووەم: ڤیـزەی گەشتیاری :** ڤیـــزەی گەشتیاری بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێت: -

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت بەداواکاری ڤیزە لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢- دانی رسوماتی ڤیزە لە ریگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٣- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦) مانگ کەمتر بێت، وبەلایەنی کەم لاپەڕەیەکی پاسپۆرتی بەتاڵ بێت.

٤- ئەگەر کەسی بیانی شوێنی لەدایکبوونی عێراق بوو لە پاسپۆرتەکەی ئاماژەی پێ کرابوو، ئەوا پێویست بە وەرگرتنی ڤیزە ناکات و بێ بەرامبەر ڕێگەی پێ دەدرێت، و دەکرێت بمێنێتەوە و ئەو ماوەیەی پێویستی پیەتی و هیچ سزای دواکەوتن ناچێتە سەر.

٥- لە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی بۆ وڵاتی خۆی ، خاوەن کۆدی ڤیزە دەبێت بڕی ئەو سزایە بدات کە لە گرێبەستی پێدانی کۆدی ڤیزە دیاری کراوە لەبەرامبەر جێبەجێ نەکردنی پابەندبوونەکانی ، سەرەڕای ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر خاوەن کود دەگیرێتە بەر.

٦- ڤیزەی گەشتیاری ناکرێت بە نشینگە بە بێ ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ.

**سێیەم:**

١- هاووڵاتییانی ئەم وڵاتانەی خوارەوە دەتوانن لە دەروازەی سنووری ڤیزەی هاتنە ژوورەوە وەربگرن بەرامبەر بڕێک رسومات کە بەپێی پاشکۆی ئەم ڕێنمایە دیاری کراوە لەسەر بنەمای رەفتاری بەرامبەر (المعاملة بالمقابل):- (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا، ئوسترالیا، نیوزلەندا، ژاپۆن، کۆریای باشوور، کەنەدا، ئیمارات، کوێت، قەتەر، تورکیا، ئێران، لاتڤیا، لیتوانیا، لۆکسەمبۆرگ، ماڵتا، هوڵەندا، نەرویج، پوڵەندا، پورتوگال، رۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوێد، سویسرا، نەمسا، بەلجیکا، بەرازیل، بولگاریا، کرواتیا، قوبرسی یۆنانی، چیك، دانیمارك، ئیستۆنیا، فینلەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، هەنگاریا، ئەلبانیا، ئیرلەندا، ئایسلاندە، ئیتاڵیا، لوبنان، ڤاتیکان، لیخنشتاین).

٢-ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦) مانگ کەمتر بێت.

٣- ئەگەر کەسی بیانی شوێنی لەدایکبوونی عێراق بوو و لە پاسپۆرتەکەی ئاماژەی پێکرا بوو، ئەوا پێویست بە وەرگرتنی ڤیزە ناکات و بێ بەرامبەر ڕێگەی پێ دەدرێت و دەکرێت بمێنێتەوە و ئەو ماوەیەی پێویستی پیەتی و هیچ سزای دواکەوتن ناچێتە سەر.

**چوارەم:** پاسپۆرتی کەسی بیانی لە کاتی گەیشتن بۆ دەروازەی سنوری نێودەوڵەتی پێویستە بە لایەنی کەم لاپەرەیەکی بەتاڵی تێدا بێت.

## ڤیزەی کارکردن

**ماددەی (٥):**

**یەکەم/** ڤیزەی کارکردن دەدرێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- کەسی بیانی مۆڵەتی کارکردن وەربگرێت لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەپێی ڕێنماییەکانیان.

٢- داواکاری ڤیزەی کارکردن لە ڕێگای سیستەمی ئەلیکترۆنی ڤیزە ڕەوانەی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت و پاش وردبینی کردنی ڤیزەی کارکردنی پێ دەدرێت.

٣- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (١) یەک ساڵ کەمتر بێت، وبەلایەنی کەم لاپەڕەیەکی پاسپۆرتی بەتاڵ بێت.

٤- پڕکردنەوەی گرێبەستی ستاندەرد بە زمانی کوردی یان عەرەبی وزمانی ئینگلیزی و لە لایەن کەسی بیانی واژوو دەکرێت و لەگەڵ بەڵگەکانی داواکردنی ڤیزە هاوپێچ دەکرێت و ئەم گرێبەستە دەکرێتە بنەمایەیەك بۆ پێدانی نشینگە پاش پەسەند کردنی لە بەرێوبەرایەتی کار.

**دووەم/** کارمەندانی کەرتی نەوت ڤیزەی کارکردنیان پێ دەدرێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت بەداواکاری ڤیزە لە ڕێگای سیستەمی ئەلیکترۆنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێشکەش دەکرێت.

٢- دەبێت کەسی بیانی داواکراو خاوەن بڕوانامە یا تەکنیکار یاخود شارەزا بێت لە بواری نەوت.

٣- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (١) یەک ساڵ کەمتر بێت وبەلایەنی کەم لاپەڕەیەکی پاسپۆرتی بەتاڵ بێت.

٤- پڕکردنەوەی فۆرمی بەڵێننامەی ژمارە (١٩).

**سێیەم:** کارمەنـدانی کەرتـی تەندروسـتی پـێش پێـدانی نشـینگەی کـارکردن دەبێـت ڕاوبۆچـوونی لایەنـی تەندروستی وەربگیرێت.

**چوارەم:** (هەڵگری بەڵگەنامەی گەشت – Travel Document) ڤیزەی کاری پێ نادرێت.

**پێنجەم:** دانی رسوماتی ڤیزە کە بەپێی پاشکۆی ئەم رێنماییە دیاری کراوە.

## گۆڕینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** ڤیزەی سەردان دەگۆردرێت بۆ نشینگە بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی نشینگە لە رێگای سیستەمی ئەلیکترونی نشینگە لە لایەن پارێزەری خاوەنی بریکارنامە لە خـودی کەسـی بیـانی یـان نوێنـەری کۆمپانیـای بـەدواداچوونی کاروباری نشینگە، یان نوێنەری کۆمپانیا، یاخود نوێنەری ڕێکخراوەکان بەهەموو جۆرەکانیانیەوە.

٢- هاوپێچ کردنی کۆپی ڕەنگاورەنگی پاسپۆرت.

٣-

أ- پێشکەش کردنی گرێبەستی ستاندەردی کارکردنی پەسەند کراو لە نێوان خـاوەن کـار وکرێکـاری بیـانی بە زمانی کوردی یان عەرەبی وزمانی ئینگلیزی.

ب- ئەگەر کەسی بیانی خاوەنی کۆمپانیا یاخود خاوەن پشك بێـت پێویسـت بـە پێشکەشکردنی گرێبەسـتی کارکردن ناکات، تەنها پێویستە خاوەندارێتی یان پشکدارییەکەی لە کۆمپانیـاکە بسـەڵمێنێـت کە لە ڕێـژەی (٢٠%) کەمتر نەبێت.

٤- دەستەبەرکردنی کەسی بیانی لە لایەن کەسێکی عێراقـی نیشـتەجێ هـەرێمی کوردسـتان بێـت وکـارتی زانیاری ئەو پارێزگایەی هەبێت کە کەسی بیانی داوای نیشینگەی لێ کردووە.

٥- دانی برێك پارە وەك رسوماتی گۆڕینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە کە بەپێی پاشکۆی ئەم رێنماییە دیـاری کراوە بۆ ئەوکەسە بیانیانەی کە بۆ هاتنە ناوەوەی هـەرێم پێویسـتیان بـە وەرگرتنـی ڤیـزای ئـەلیکترۆنی هەیە.

٦- دانی برێك پارە وەك رسوماتی گۆڕینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە کە بەپێی پاشکۆی ئەم رێنمـایە دیـاری کـراوە بـۆ ئـەو کەسـە بیانیانـەی کە هەڵگری رەگەزنـامەی ئەو وڵاتـانەن کـە لـەماددەی (چـوارەم برگـەی سێیەم/١) هاتووە و هەڵگرانی ڕەگەزنامەی سوری هەمان رسومات دەدەن.

٧- نشینگە بۆ ماوەی یەك ساڵ دەدرێت.

**دووەم/** ئـەم ماددەیــە کارمەنــدانی ڕێکخراوەکــانی نەتــەوە یــەکگرتووەکان وڕێکخــراوە نێودەوڵــەتی و دیپلۆماتکاران ناگرێتەوە.

**سێیەم/** (هەڵگری بەڵگەنامەی گەشت – Travel Document) نشینگەی پێ نادرێت.

## لایەنی داواکاری ڤیزە ی ئەلیکترۆنی و مەرجەکانی بەدواداچوونی کاروباری نشینگە

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** ئەم لایەنانەی لای خوارەوە دەتوانن داواکاری ڤیزەی ئەلیکترۆنی پێشکەش بکەن بۆ کەسی بیانی:-

١- پارێزەرانی ئەندام لە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان کە پۆلینیان راوێژکار یان کارایە.

٢- کۆمپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری ڤیزە و نشینگە.

٣- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

٤- نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە.

٥- کونسوڵگەرییە بیانییەکان لە هەرێم تەنها بۆ میوانانی خۆیان.

٦- فەرمانگە حکومییەکان تەنها بۆ میوانە فەرمییەکانی خۆیان.

٧- رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ میوان وستافی خۆیان.

٨- رێکخراوەکانی کومەڵگەی مەدەنی (LOCAL NGO) **بۆ** کاری رێکخراوەیی خۆیان.

٩- رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (INTERNATIONAL NGO) بۆ کاری رێکخراوەیی خۆیان.

١٠-کومپانیا بازرگانییەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی خویان.

١١-کۆمپانیاکانی بواری نەوت کۆدی ڤیزەیان پێ نادرێت و داواکاری ڤیزە و نشینگەیان کە لەرێگای سیستەمی ئەلکترونی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێشکەش دەکرێت.

١٢-کۆمپانیا گەشتیارییەکان تەنها بۆ ڤیزەی گەشتیاری.

١٣- کۆمپانیاکانی هینانی دەستی کار بیانی.

**دووەم:** ئەگەر ئەو لایەنانەی برگەی (یەکەم)ی جگە لە خاڵی (١) ئەم برگەیە پێویستیان بە دانانی نوێنەر هەبێت بەمەبەستی بەدواداچوونی کاروباری نشینگە بۆ ئەو کەسانەی کە لە لایەن ئەوان داواکراون، دەبێت داواکارییەك ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان ومۆڵەت پێدان بکەن بە مەبەستی پێدانی رەزامەندی.

**سێیەم:** دەبێت نوێنەر ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

١- تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی بێت.

٣- دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت و کارتی زانیاری ئەو پارێزگایەی هەبێت کە وەك نوێنەر تێیدا تۆمار دەکرێت.

٤- هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی سەرەتایی بەرەو سەرەوە بێت.

٥- ئەفسەر یان کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان پێشمەرگە یان ئاسایش یان فەرمانبەر نەبێت لە سەر میلاکی هەمیشەیی یان کاتی (گرێبەست) لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی فیدراڵی عێراق ودەبێت فۆرمی بەڵێننامەی ژمارە (١٥) لە بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی نشینگە پڕ بکاتەوە بۆ ئەم مەبەستە، وناوەکان لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ رەوانەی سیستەمی بایۆمەتری دەکرێت بە مەبەستی دڵنیابوون.

٦- سزا نەدرا بێت بە هیچ تاوانێکی کەتن یان تاوان (جنحة أو جناية) ئابڕووبەر (مخلة بالشرف) بە هێنانی پشتگیری بەڵگەکانی تاوان.

٧- خاوەن رەوشت و هەڵسوکەوتێکی باش بێت بە پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان و هیچ تێبینیەکی ئەمنی لەسەر نەبێت بە پشتگیری لایەنی ئاسایش.

٨- ئەو لایەنەی کە نوێنەرایەتی دەکات تۆمارکرا بێت لە هەرێمی کوردستان و قەرزداری باج نەبێت بەپشتگیری لایەنی پەیوەندیدار.

٩- دەبێت نوێنەر بریکارنامەی نوێنەرایەتی هەبێت و لەبەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی نشینگە یان دادنووس پەسەند کرا بێت و ساڵانە نوێ بکرێتەوە.

١٠- فۆڕمی تایبەت بە نوێنەر ژمارە (١٤) پڕ بکاتەوە.

١١-دانی بڕێك پارە ساڵانە وەك رسوماتی رێگەپێدانی نوێنەر.

١٢-ئەو کۆمپانیایەی پێویستی بە دانانی نوێنەر هەیە نابێت لە دوو نوێنەر زیاتر دابنێت و بەلایەنی کەم یەکیکیان دەبێت پارێزەر بێت.

١٣- کارتێکی تایبەت بە نوێنەر لە لایەن وەزارەت رێك دەخرێت بەرامبەر بڕێك پارە کە لە ماددەی پاشکۆی ئەم رێنمایییە دیاری کراوە.

**چوارەم/**

هەر کەسێك لەوانەی لە برگەی (یەکەم)ی سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە پێچەوانەی یاسا و رێنماییەکانی ڤیزە و نشینگە کار بکەن دەخرێنە لیستی رەش بەپێی ڕێکارەکانی ماددەی (دوازدەیەم)ی ئەم ڕێنمایییە سەرەڕای رێکارە یاساییەکانی تر جگە لە پارێزەران کە لە کاتی سەرپێچێکردنیان، ناویان رەوانەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان دەکرێن بەمەبەستی وەرگرتنی رەزامەندی لێکۆلینەوە لە لایەن نوسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤ ئەنجام دەدرێت تا هاتنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش کۆدی ڤیزا و کاری نشینگەیان رادەگیرێت.

## وەرگرتنی کۆدی ڤیزەی ئەلیکترۆنی

**ماددەی (٨):**

**یەکەم: پارێزەرانی راوێژکار وکارا:**

١- پێویستە پارێزەر فۆڕمی ژمارە (١) پڕ بکاتەوە.

٢- واژوو کردنی گرێبەستی پێدانی کۆدی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٣- دانانی بڕێك پارە کە بەپێی پاشکۆی ئەم ڕێنمایە دیاری کراوە وەك بارمتە لە ئەژمێری وەزارەتی ناوخۆ.

**دووەم: کومپانیاکانی بەدواداچوونی ڤیزە و نشینگەی بیانیەکان:**

١- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (٢).

٢- واژوو کردنی گریبەستی پێدانی کۆدی ڤیزەی ئەلیکترونی.

٣- دانانی بڕێك پارە کە بەپێی پاشکۆی ئەم ڕێنمایە دیاری کراوە وەك بارمتە لە ئەژمێری وەزارەتی ناوخۆ.

**سێیەم: کۆمپانیاکان:**

١- پڕکردنەوەی فورمی ژمارە (٣).

٢- پڕکردنەوەی فورمی ژمارە (٤) وپەسەند کردنی لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند.

٣- واژوو کردنی گرێبەستی پێدانی کۆدی ڤیزەی ئەلیکترونی.

٤- دانانی بڕێك پارە کە بەپێی پاشکۆی ئەم ڕێنمایە دیاری کراوە وەك بارمتە لە ئەژمێری وەزارەتی ناوخۆ.

**چوارەم :فەرمانگە حکومییەکان:**

١- کۆدی ڤیزە تەنها بە وەزارەت و دەستە سەربەخۆکان و زانکۆکان و پارێزگاکان دەدرێت بۆ داواکردنی کەسی بیانی بۆ کاری فەرمی لەو دامودەزگایانە وئەو فەرمانگانەی خوارووی خۆیان دەبێت لەڕێگەی ئەو لایەنانەی سەرەوە داواکاری ڤیزە پێشکەش بکەن بەپێی زنجیرەی پێداچوونەوە (سلسلة المراجع).

٢- پێویستە ئەو لایەنانەی خاڵی (١)ی سەرەوە فۆڕمی ژمارە (٥) پڕ بکەنەوە.

**پێنجەم: فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە:**

١- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (٥) ئەگەر کۆدەکە بۆ فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە یان نوێنەرایەتییەکانی هەرێم لە دەرەوە بێت.

٢- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (٦) ئەگەر کۆدەکە بۆ کونسوڵگەرییە بیانییەکان بێت لە هەرێمی کوردستان.

**شەشەم : ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان:**

١- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (٧) تایبەت بە زانیارییەکانی ڕێکخراوی داواکار.

٢- پێویستە ڕێکخراو فۆڕمی ژمارە (٨) پڕبکاتەوە و پەسەند بکرێت.

٣- ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بەخشراون لە پڕکردنەوەی فورمی (٨) بەمەرجێك لەهەرێم تومار کرابن و ڕێکخراوەکە لە و وڵاتانەی خوارەوە تومار کرابن: (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا، ئوسترالیا، نیوزلەندا، ژاپۆن، کۆریای باشوور، کەنەدا، ئیمارات، کوێت، قەتەر، لاتڤیا، لیتوانیا، لۆکسەمبۆرگ،ماڵتا، هولەندا، نەرویج، پولەندا، پورتوگال، ڕۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوێد، سویسرا، نەمسا، بەلجیکا، بەرازیل، بولگاریا، کرواتیا، قوبرسی یۆنانی، چیك، دانیمارك، ئیستۆنیا، فینلەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، لیخنشتاین، هەنگاریا، ئەلبانیا، ئیرلەندا، ئایسلاندە، ئیتاڵیا، فاتیکان).

٤- ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەی کە لە وڵاتانەی خاڵی (٣)سەرەوە تۆمار کراون پێویستە بەڵگەنامەی تومار کردن وەرگێڕاو بۆ زمانی کوردی پێشکەش بکات.

٥- واژوو کردنی گرێبەستی پێدانی کۆدی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

**حەوتەم: ڕێکخراوەکانی UN :**

١- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (٩) تایبەت بە زانیارییەکانی ڕێکخراوی داواکار.

٢- ڕادەست کردنی فۆڕمی خاڵی (١) سەرەوە بە بەڕێوبەرایەتی ڤیزە لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بەمەبەستی پێدانی کودی ڤیزە و دەرکردنی فەرمانی ڕێگەپێدانی بەدواداچوونی کاروباری نیشینگەی کارمەندەکانیان.

**هەشتەم : ڕێکخراوەکانی ( LOCAL NGO ):**

١- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (١٠) تایبەت بە زانیارییەکانی ڕێکخراوەکان.

٢- پێویستە ڕێکخراو فۆڕمی ژمارە (٨) پڕبکاتەوە و پەسەند بکرێت.

٣- واژوو کردنی گریبەستی پێدانی کۆدی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

**نۆیەم :کۆمپانیا گەشتیارییەکان:**

١- دەبێت کۆمپانیاکانی گەشتیاری تەنها داوای ڤیزە بکەن بۆ گەشتیاران، بەپێی ڕێنماییەکانی ڤیزەی گەشتیاری.

٢- واژوو کردنی گریبەستی پێدانی کۆدی ڤیزەی ئەلیکترونی.

٣- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (١١).

٤- پێویستە کۆمپانیا فۆڕمی ژمارە (١٢) پڕ بکاتەوە و ڕادەستی نوسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤ بکات لەو سنوورەی بارەگای سەرەکی کۆمپانیاکەی لێیە بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنین(کشف) لە لایەن لیژنەی تایبەتمەند.

٥- دانانی بڕێك پارە کە بەپێی پاشکۆی ئەم ڕێنمایە دیاری کراوە وەك بارمتە لە ئەژمێری وەزارەتی ناوخۆ.

**دەیەم : کۆمپانیاکانی هینانی دەستی کار بیانی:**

١- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (١٣).

٢- واژووکردنی گرێبەستی پێدانی کۆدی ڤیزەی ئەلیکترونی.

٣- دانانی بڕێك پارە کە بەپێی پاشکۆی ئەم ڕێنمایە دیاری کراوە وەك بارمتە لە ئەژمێری وەزارەتی ناوخۆ.

**یانزدەیەم :** نوسینگەکانی بەرونگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤ لەو سنوورەی بارەگای سەرەکی ئەو لایەنانەی کە لە بڕگەکانی (سێیەم ، هەشتەم ، نۆیەم)ی سەرەوە ئاماژەیان پێ دراوە تایبەتمەندن بە ئەنجام دانی پشکنین بە مەبەستی دڵنیا بوون لە هەبوونی مەرجەکانی پێدانی کۆد .

## ڕێککارەکانی داواکردنی ڤیزەی (ON LINE)

**ماددەی (٩):**

**یەکەم: پارێزەرانی ڕاوێژکار وکارا:**

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢- ئەگەر لایەنی داواکار کۆمپانیا بێت پێویستە فۆڕمی ژمارە (٤)ی هەبێت و پەسەند کرا بێت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند و هاوپێچ بکرێت.

٣- ئەگەر لایەنی داواکار ڕێکخراو بێت پێویستە فۆڕمی ژمارە (٨) هەبێت و لە لایەن لیژنە پەسەند کرا بێت و هاوپێچ بکرێت تەنها بۆ ئەو ڕێکخراوانەی ئەم فۆرمە دەیانگرێتەوە.

٤- ئەگەر کەسی بیانی ئارەزووی مانەوەی هەبێت بە مەبەستی کارکردن یان بەیەکگەیاندنی خێزانی، یان خوێندن ، ئەوا دەکرێت پارێزەری خاوەن کۆدی ڤیزە ڕێکارەکانی نشینگەی بۆ ئەنجام بدات، بە سپۆنسەری کۆمپانیایەك بەمەرجێك فورمی ژمارە (٤) هاوپێچ بکرێت و پەسەند کرا بێت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند ، یان هەر لایەنێکی داواکاری تر کە ئەو کەسە بیانیە کاری بۆ دەکات ، پێش کۆتایی هاتنی ماوەی ڤیزەکەی لە هەمان بەڕێوبەرایەتی نشینگە کە ئەدرێسی پارێزەری لێ تۆمار کراوە و ئەگەر بە مەبەستی خوێندن بێت پێویستە پشتگیری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی یان وەزارەتی پەروەردەی هەبێت.

٥- هەر (١٢٠ ڕۆژ) جارێك سیستەم بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێدانی ڤیزە بەو پارێزەرە ڕادەگرێت ئەگەر چارەنووسی ئەو ڤیزانەی کە وەریگرتووە یەکلانەکرابوون ، و پێویستە پارێزەر لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ چارەنووسی ئەو کەسانە دیاری بکات لە نوسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤ بەپێی تایبەتمەندی ، و لە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی بۆ وڵاتی خۆی و ئەنجام نەدانی ڕێکارەکانی پێدانی کارتی نشینگە ، خاوەن کۆدی ڤیزە دەبێت بڕی ئەو سزایە بدات کە لە گرێبەستی پێدانی کۆدی ڤیزە دیاری کراوە لەبەرامبەر جێبەجێ نەکردنی پابەندبوونەکانی ، سەرەڕای ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر خاوەن کۆد دەگیرێتە بەر.

٦- پێویستە رسوماتی تایبەت بە ڤیزە بدرێت لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٧- لەکاتی رەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە، ئەمەش دوای چاککردنەوی هۆکارەکانی رەتکردنەوە، ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

٨- پارێزەری راوێژکار بۆی هەیە مانگی (٤٠) ڤیزە وەربگرێت.

٩- پارێزەری کارا بۆی هەیە مانگی (٢٠) ڤیزە وەربگرێت.

**دووەم: کۆمپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری نشینگە**

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لەوێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢- ئەگەر لایەنی داواکار کۆمپانیا بێت پێویستە کۆمپانیا فۆڕمی ژمارە (٤)ی هەبێت و لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند پەسەند کرابێت و هاوپێچ بکرێت.

٣- ئەگەر لایەنی داواکار رێکخراو بێت پێویستە فۆڕمی ژمارە (٨) هەبێت و لە لایەن لیژنە پەسەند کرابێت بۆ ئەو رێکخراوانەی ئەم فۆرمە دەیانگرێتەوە و هاوپێچ بکرێت، ومۆڵەتی رێکخراوەکە هاوپێچ بکرێت.

٤- پێویستە رسوماتی تایبەت بە ڤیزە بدرێت لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٥- ئەگەر کەسی بیانی ئارەزووی مانەوەی هەبێت بە مەبەستی کارکردن یان بەیەکگەیاندنی خێزانی، یان خوێندن ، ئەوا دەکرێت پارێزەری خاوەن کودی ڤیزە رێککارەکانی نشینگەی بۆ ئەنجام بدات، بە سپۆنسەری خودی کومپانیا یان کومپانیایەکی بازرگانی بەمەرجێك فورمی ژمارە (٤) هاوپێچ بکرێت و پەسەند کرا بێت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند ، یان هەر لایەنێکی داواکاری تر کە ئەو کەسە بیانیە کاری بۆ دەکات ، پێش کۆتایی هاتنی ماوەی ڤیزەکەی لە هەمان بەڕێوبەرایەتی نشینگە کە ئەدرێسی پارێزەری لێ تۆمار کراوە و ئەگەر بە مەبەستی خوێندن بێت پێویستە پشتگیری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی یان وەزارەتی پەروەردە هەبێت.

٦- پێشکەش کردنی گرێبەستی کاری پەسەندکراو.

٧- هەر (١٨٠ ڕۆژ) جارێك سیستەم بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێدانی ڤیزە بەو کۆمپانیایانە ڕادەگرێت ئەگەر چارەنووسی ئەو ڤیزانەی کە وەریگرتووە یەکلانەکرابوون، و پێویستە کۆمپانیا لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ چارەنووسی ئەو ڤیزانە دیاری بکات لە ڕێگای لە نوسینگەکانی بەرنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤ بەپێی تایبەتمەندی، و لە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی بۆ وڵاتی خۆی و ئەنجام نەدانی ڕێکارەکانی پێدانی کارتی نشینگە ، خاوەن کۆدی ڤیزە دەبێت بڕی ئەو سزایە بدات کە لە گرێبەستی پێدانی کۆدی ڤیزە دیاری کراوە لەبەرامبەر جێبەجێ نەکردنی پابەندبوونەکانی ، سەرەڕای ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر خاوەن کود دەگیرێتە بەر.

٨- لەکاتی ڕەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە، ئەمەش دوای چاککردنەوەی هۆکارەکانی ڕەتکردنەوە، ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.
٩- کومپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری نیشینگە بۆی هەیە مانگی (٤٠٠) ڤیزە وەربگرێت.

**سێیەم: فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە**

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.
٢- پێویستە رسوماتی تایبەت بە ڤیزە بدرێت لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.
٣- لەکاتی ڕەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە دوای چاککردنەوەی هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەکە، ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

**چوارەم: فەرمانگە حکومییەکان**

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لەوێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.
٢- داواکردنی ڤیزە بۆ کەسی بیانی تەنها بۆ کاری فەرمی فەرمانگەی حکومی داواکار دەبێت ونابێت ڤیزە بە ناوی فەرمانگەی حکومی بۆ مەبەستی تر داوابکرێت، وئەگەر حاڵەتی بەم شێوەیە رووبدات ئەوا گشت بەرپرسیارییەتی ئەم کارە دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی فەرمانگە.
٣- پێویستە رسوماتی تایبەت بە ڤیزە بدرێت لە رێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلکترونی.
٤- لەکاتی ڕەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە دوای چاککردنەوەی هۆکارەکانی رەتکردنەوە ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

**پێنجەم: رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان (UN)**

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.
٢- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦) مانگ کەمتر بێت.
٣- پێویستە پێش کۆتایی ماوەی رێگەپێدان کەسی بیانی بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی یان کاری یاسایی نشینگەی بۆ ئەنجام بدرێت بەپێی ڕێنماییەکان.
٤- ڤیزە بە کارمەند و میوانە فەرمییەکانی رێکخراوە کانی UN بەبێ بەرامبەر دەدرێت.
٥- لەکاتی ڕەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە دوای چاککردنەوی هۆکارەکانی رەتکردنەوەکە، ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

**شەشەم: رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (INTERNATIONAL NGO)**

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.
٢- مۆڵەتی تۆمارکردنی تایبەت بە رێکخراولە هەرێم هاوپێچ بکرێت.
٣- پێویستە پێش کۆتایی هاتنی ماوەی ڕێگەپێدان کەسی بیانی بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی یان کاری یاسایی نشینگەی بۆ ئەنجام بدرێت بەپێی ڕێنماییەکان، بە پێچەوانەوە رێکخراوی داواکار ڕووبەڕووی گرفتی یاسایی دەبێتەوە.

٤- هەر (١٢٠ رۆژ) جارێك سیستەم بە شیوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێدانی ڤیزە بەو ڕێکخراوە ڕادەگرێت ئەگەر چارەنووسی ئەو ڤیزانەی کە وەریگرتووە یەکلانەکرابوون ، وە پێویستە ڕێکخراو لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ چارەنووسی ئەو ڤیزانە دیاری بکات لە ڕێگای نوسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤ بەپێی تایبەتمەندی،ولە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی بۆ وڵاتی خۆی و ئەنجام نەدانی ڕێکارەکانی پێدانی کارتی نشینگە ، خاوەن کۆدی ڤیزە دەبێت بڕی ئەو سزایە بدات کە لە گرێبەستی پێدانی کۆدی ڤیزە دیاری کراوە لەبەرامبەر جێبەجێ نەکردنی پابەندبوونەکانی ، سەرەڕای ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر خاوەن کۆد دەگیرێتە بەر.

٥- لەکاتی ڕەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە دوای چاککردنەوەی هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەکە، ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

٦- ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆیان هەیە مانگی (٣٠) ڤیزە وەربگرن.

**حەوتەم: ڕێکخراوەکانی (LOCAL NGO)**

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢- هەر (١٢٠ ڕۆژ) جارێك سیستەم بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێدانی ڤیزە بەو ڕێکخراوە ڕادەگرێت ئەگەر چارەنووسی ئەو ڤیزانەی کە وەریگرتووە یەکڵانەکرابوون، و پێویستە ڕێکخراو لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ چارەنووسی ئەو کەسانە دیاری بکات لە نوسینگەکانی بەرنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤ بەپێی تایبەتمەندی ، و لە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی بۆ وڵاتی خۆی و ئەنجام نەدانی ڕێکارەکانی پێدانی کارتی نشینگە ، خاوەن کۆدی ڤیزە دەبێت بڕی ئەو سزایە بدات کە لە گرێبەستی پێدانی کۆدی ڤیزە دیاری کراوە لەبەرامبەر جێبەجێ نەکردنی پابەندبوونەکانی ، سەرەڕای ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر خاوەن کۆد دەگیرێتە بەر.

٣- لەکاتی ڕەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە دوای چاککردنەوەی هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەکە، ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

٤- ماوەی ڕێگەپێدان (٣٠) ڕۆژ دەبێت.

٥- ڕێکخراوەکانی (LOCAL NGO) بۆیان هەیە مانگی (١٥) ڤیزە وەربگرن.

**هەشتەم: کۆمپانیا گەشتیارییەکان**

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢-ماوەی ڕێگەپێدان تەنها بۆ (٣٠) ڕۆژە.

٣-ڤیزە تەنها بۆ مەبەستی گەشتوگوزار دەدرێت.

٤-پێویستە پێش کۆتایی هاتنی ماوەی ڕێگەپێدان کەسی بیانی بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، بە پێچەوانەوە کۆمپانیای داواکار ڕووبەڕووی گرفتی یاسایی و دارایی دەبێتەوە.

٥- پێویستە رسوماتی تایبەت بە ڤیزە بدرێت لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٦- هەر (١٢٠ رۆژ) جارێك سیستەم بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێدانی ڤیزە بەو کۆمپانیایانە ڕادەگرێت ئەگەر چارەنووسی ئەو ڤیزانەی کە وەریگرتووە یەکلانەکرابوون، و پێویستە کۆمپانیا لە ماوەی (٣٠) رۆژ چارەنووسی ئەو ڤیزانە دیاری بکات لە رێگای نوسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤ بەپێی تایبەتمەندی، و لە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی بۆ وڵاتی خۆی ، خاوەن کۆدی ڤیزە دەبێت بڕی ئەو سزایە بدات کە لە گرێبەستی پێدانی کۆدی ڤیزە دیاری کراوە لەبەرامبەر جێبەجێ نەکردنی پابەندبوونەکانی ، سەرەڕای ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر خاوەن کۆد دەگیرێتە بەر.

٧- لەکاتی رەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە دوای چاککردنەوی هۆکارەکانی رەتکردنەوە ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

٨- کۆمپانیای گەشتیاری دەتوانێت مانگانە (١٠٠) ڤیزە وەربگرێت.

**نۆیەم: کۆمپانیاکان**

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢-ماوەی رێگەپێدان تەنها بۆ (٣٠) ڕۆژە.

٣-ڤیزە تەنها بۆ مەبەستی سەردان دەدرێت ، و دەکرێت بگۆردرێت بۆ نیشینگە بەپێی ماددەی شەشەمی ئەم رێنماییە تەنها بۆ پڕکردنەوەی پێداوستی کۆمپانیا بە کرێکاری بیانی.

٤-پێویستە رسوماتی تایبەت بە ڤیزە بدرێت لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٥-هەر (١٢٠ رۆژ) جارێك سیستەم بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێدانی ڤیزە بەو کۆمپانیایانە ڕادەگرێت ئەگەر چارەنووسی ئەو ڤیزانەی کە وەریگرتووە یەکلانەکرابوون، و پێویستە کۆمپانیا لە ماوەی (٣٠) رۆژ چارەنووسی ئەو ڤیزانە دیاری بکات لە رێگای نوسینگەکانی بەرنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤ بەپێی تایبەتمەندی، و لە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی بۆ وڵاتی خۆی ، خاوەن کۆدی ڤیزە دەبێت بڕی ئەو سزایە بدات کە لە گرێبەستی پێدانی کۆدی ڤیزە دیاری کراوە لەبەرامبەر جێبەجێ نەکردنی پابەندبوونەکانی ، سەرەڕای ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر خاوەن کۆد دەگیرێتە بەر.

٦-لەکاتی رەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە دوای چاککردنەوەی هۆکارەکانی رەتکردنەوە ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

٧-کومپانیای گەشتیاری دەتوانێت مانگانە (٢٠) ڤیزە وەربگرێت.

**دەیەم: کۆمپانیاکانی هینانی دەستی کار بیانی**

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢- ماوەی رێگەپێدان بۆ (٣٦٥) ڕۆژە.

٣- پێویستە رسوماتی تایبەت بە ڤیزە بدرێت لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٤- هاوپێچکردنی گرێبەستی ستانداردی کار بە زمانی کوردی و ئینگلیزی یان بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی واژوو کراو لە لایەن کرێکاری بیانی و بەرێوبەری رێگەپێدراوەی کۆمپانیا.

٥- هەر (١٨٠ رۆژ) جارێك سیستەم بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێدانی ڤیزە بەو کۆمپانیایانە ڕادەگرێت ئەگەر چارەنووسی ئەو ڤیزانەی کە وەریگرتووە یەکلانەکرابوون، و پێویستە کۆمپانیا لە ماوەی (٣٠) رۆژ چارەنووسی ئەو ڤیزانە دیاری بکات لە رێگای نوسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤ بەپێی تایبەتمەندی، و لە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی بۆ وڵاتی خۆی ، خاوەن کۆدی ڤیزە دەبێت بڕی ئەو سزایە بدات کە لە گرێبەستی پێدانی کۆدی ڤیزە دیاری کراوە لەبەرامبەر جێبەجێ نەکردنی پابەندبوونەکانی ، سەرەڕای ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر خاوەن کۆد دەگیرێتە بەر.

٦- لەکاتی رەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە دوای چاککردنەوەی هۆکارەکانی رەتکردنەوە ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

٧- کۆمپانیاکانی هێنانی دەستی کار بیانی دەتوانێت مانگانە (١٥٠) ڤیزە وەربگرێت.

## کارتی هەواڵی گەیشتن

**ماددەی (١٠):**

١- کارتی هەواڵی گەیشتن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی نشینگە دەدرێت بە کەسی بیانی کە ڤیزەی مانەوەی پێ دراوە کە ماوەکەی لە (٦) مانگ کەمتر نییە.

٢- کارتی هەواڵی گەیشتن بۆماوەی (٢) مانگ دەدرێت بەمەبەستی پێدانی دەرفەت بە کەسی بیانی بۆ تەواو کردنی ڕێکارەکانی دەرکردنی کارتی نشینگە بەڵام ئەگەر نشینگەی بۆ (٦) مانگ بوو ئەوا کارتی هەواڵی گەیشتن بۆ ماوەی (١) مانگ دەبێت.

٣- نابێ کەسی بیانی لە ماوەی وەرگرتنی کارتی هەواڵی گەیشتن عێراق جێبهێڵێت بە پێچەوانەوە لە خاڵی سنووری کارتی هەواڵی گەیشتن لێ وەردەگیرێتەوە و ڤیزەی مانەوەی هەڵدەوەشێتەوە.

٤- کارتی هەواڵی گەیشتن بۆ ئەو بیانیانە رێك ناخرێت کە ڤیزەی سەردان یان گەشتیاریان وەرگرتووە ، یان ئەوانەی بە بێ ڤیزە داخل دەبن کە لە ماددەی (چوارەم بڕگەی سێیەم /١) ئاماژەی پێدراوە.

## گواستنەوەی دۆسیەی کەسی بیانی

**ماددەی (١١):**

**یەکەم** : گواستنەوەی دۆسیەی تایبەت بە هاووڵاتی بیانی لە بەڕێوەبەرایەتیەکی نشینگە بۆ یەکێکی تر بە رەزامەندی بەرێوبەری هەردوو نشینگەی کە دۆسیەکەی لێ وە بۆ دەگوازرێتەوە دەکرێت.

**دووەم** : گواستنەوەی دۆسیە تەنها بۆ ئەو بیانیانە دەکرێت کە نشینگەیان هەیە کە لە (٦) مانگ کەمتر نەبێت و گرێبەستی کاریان هەیە.

**سێیەم** : گواستنەوەی دۆسیە بەم مەرجانەی خوارەوە دەکرێت.

١- پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتیە نشینگەیەی کە دەیەوێت گواستنەوەی دۆسیەی بۆ بکات.

٢- دەبێت کارتی نشینگەی بەسەر نەچوو بێت.

٣- ڕەزامەندی نووسراوی خاوەن کاری پێشوو لەسەر گۆڕینی شوێنی کاری کرێکار ئەگەر گرێبەستی کاری ماوەکەی بەسەرنەچوو بێت.

٤- ڕەزامەندی هەر دوو بەرێوبەرایەتی کاری ئەو پارێزگایەی کە دوسێەیی لێی و بۆ دەگوازێتەوە.
٥- پێشکەش کردنی گرێبەستی کاری نوێی پەسەند کراو.
٦- پیێدانی رسومات کە لەپاشکۆی ئەم ڕێنماییە دیاری کراوە بدرێت.
٧- بەرێوبەرایەتی نشینگەی کە دۆسیەکەی بۆ دەگوازرێتەوە لە کاتی جێبەجێکردنی گشت مەرجەکان نووسراوێك ئاڕاستەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەکات کە دۆسیەکەی لێ تۆمار کراوە بەمەبەستی ناردنی دۆسیەکە و دەبێت وێنەیەکی دۆسیەکەی لە ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی دۆسیەکەی لێ گوازراوەتەوە بمێنێت.

**چوارەم:** گواستنەوەی دۆسیە بۆ خاوەن کار یان کۆمپانیا یان پرۆژەی وەبەرهێنان دەکرێت بەمەرجێك کۆمپانیاکەی یان پرۆژەکەی گواسترابێتەوە بۆ ئەو پارێزگایەی کە داوای گواستنەوەی دۆسیەی بۆ دەکات یان لقێکی لێ کرابێتەوە بە پشتگیری لایەنی حکومی پەیوەندیدار.

**پێنجەم:** ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە دۆسیەی لێ دەگوازرێتەوە دۆسیەی کەسی بیانی ڕەوانەی بەرێوبەرایەتی بۆ دەگوازرێتەوە ناکات ئەگەر گشت مەرجەکانی گواستنەوەی دۆسیەی جێبەجێ نەکرا بوو.

**شەشەم:** فەرمانێکی کارگێری بە گواستنەوەی دۆسیەی لەو بەرێوبەرایەتییەی کە دۆسیەکەی لێ دەگوازرێتەوە دەردەکرێت و وێنەیەکی فەرمانەکە دەدرێت بە هەردوو بەرێوبەرایەتی کاری هەردوو پارێزگا کە دۆسیەکەی لێ و بۆ دەگوازرێتەوە بە مەبەست ئاگاداری و ئەنجام دانی کاری پێویست.

**حەوتەم:** گواستنەوەی دۆسیە لەساڵێکدا تەنها یەک جار ئەنجام دەدرێت.

**هەشتەم:** ئەگەر بیانییەک دۆسیەی نشینگەی لە بەڕێوەبەرایەتیەکی نشینگەی پارێزگایەک بوو و دواتر گەڕایەوە وڵاتی خۆی. دوای بەسەرچوونی نشینگەی پێشووی بە ڤیزایەکی نوێ هاتەوە کوردستان و داوای وەرگرتنی نشینگەی کرد، لە بەڕێوەبەرایەتیەکی نشینگەی هەر پارێزگایەک، پێویست بە گواستنەوەی دۆسیە و وەرگرتنەوەی ناسنامەی بەسەرچووی نشینگەی پێشووتری ناکات، تەنیا پێداویستییەکانی وەرگرتنی نشینگەی تازە داوا دەکرێت.

**نۆیەم:** ئەم ماددەیە کارمەندی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمپانیاکانی کەرتی نەوت ناگرێتەوە.

**دانانی کەسی سروشتی یان معنوی لە لیستی ڕەش یان قەدەغە ودوورخستنەوە (دیپۆرت کردن)**

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم:** کەسی سروشتی یان مەعنەوی دەخرێتە لیستی ڕەش ئەگەر سەرپێچی ڕێنماییەکانی ڤیزە یان نشینگە یان ڕێنماییەکانی تایبەت بە کرێکارانی بیانی بکات یان هەر یاسایەکی تایبەت بە ڤیزە یان نشینگە یان کارکردن یان ئەگەر مەترسی دروست بکات لەسەرتەندروستی یان ئاسایشی هەرێم.

**دووەم:** ئەگەر سەرپێچیکار کەسی سروشتی بیانی بێت ئەوا دوور دەخرێتەوە ودەخرێتە لیستی قەدەغە.

**سێیەم:** ئەگەر سەرپێچیکار کەسی مەعنەوی بێت ئەوا پاش خستنە ناو لیستی ڕەش گشت داواکارییەکانی تایبەت بە ڤیزە یان نشینگەی ڕادەگیرێت.

**چوارەم:**

١- خستنە ناو لیستی ڕەش یان قەدەغە یان دەرهێنانی یان دیپۆرت کردنەوە تەنها لە دەسەڵاتی وەزیرە و دەبێت لایەنی داواکار لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامە داواکاری خستنە ناو لیستی رەش یان دیپۆرت کردن بۆ وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان /بەڕێوەبەرایەتی ڤیزە بەرز بکاتەوە و گشت بەڵگەنامەی تایبەت بە سەرپێچییەکانی لەگەڵ دۆسیەی کەسی بیانی هاوپێچ بکرێت.

٢- ئەگەر دیپۆرت کردنەکە بە بڕیاری دادگای تایبەتمەند بوو ئەوا دەقی بڕیاری کۆتایی دادگا رەوانەی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت بە مەبەستی دەرکردنی فەرمانی وەزاری.

٣- ئەگەر بە هۆکاری مەترسیداری کەسی بیانی تەندروستی یان ئەمنی بێت ئەوا ڕاستەوخۆ لەلایەن بەرێوبەراییەتییەکانی نشینگە دیپۆرت دەکرێت بە بریاری بەرێوەبەر، دواتر نووسراو بۆ وەزارەت دەکرێت بەمەبەستی خستنە ناو لیستی قەدەغە.

**پێنجەم:** لێکوڵینەوە لە کەیسەکانی سەرپێچی کردنی یاسا و رێنماییەکان لە لایەن نوسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەکرێت.

**شەشەم:** خستنە ناو لیستی ڕەش یان قەدەغە لە ساڵێك کەمتر نابێت، و دوای ساڵەکە بە فەرمانی وەزاری و بەپێی داواکاری لادەبرێت ئەگەر هۆکاری خستنە ناو لیستی ڕەش یان قەدەغە چارەسەر کرابێت.

**حەوتەم:** ئەگەر کەسی سروشتی یان معنوی خرایە ناو لیستی ڕەش ، گشت مامەڵەکانی ڤیزە و نشینگەی ڕادەگیرێت تا هێنانە دەرەوەی لە لیستی ڕەش، و ئەو مامەڵانەی لە پرۆسەی جێبەجێ کردندان هەڵدەوەشێتەوە و کەسی بیانی دەتوانێت بە سپۆنسەری کەسێکی تری سروشتی یان معنوی بەپێی رێکارەکانی ئەم رێنماییە نشینگە وەربگیرێت، ئەگەر کەسی بیانی لە ماوەی خستە کەسی سروشتی یان معنوی نیشینگەی کوتایی پێهات ، ئەوا دەکرێت کەسی بیانی مامەڵەی ڤیزە و نشینگەی بەسپۆنسەری کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی تر ئەنجام بدات دوای جێبەجێ کردنی مەرجەکان کە لەم رێنماییە هاتووە.

## دەستەبەری (کفالة) کەسی بیانی

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم/** هاووڵاتی بیانی دەستەبەر دەکرێت لە لایەن هاولاتیەکی عێراقی بە مەبەستی وەرگرتنی ڤیزە یان نشینگە بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- دەبێت دەستەبەر عێراقی بێت و کارتی زانیاری ئەو پارێزگایەی هەبێت کە دەستەبەری کەسی بیانی لێ دەکات.

٢- نابێت دەستەبەر ئەفسەر کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان پێشمەرگە یان کارمەندی ئاسایش بێت، یان ئەفسەر یان کارمەندی حکومەتی فیدراڵی عێراق بێت، ودەبێت بەڵێنامە ژمارە (١٥) پڕبکاتەوە.

٣- نابێت دەستەبەری بەرامبەر بڕێك پارە بێت یان هەرشتێك یان ئیمتیازێکی تر.

٤- پڕکردنەوەی فۆڕمی دەستەبەری ژمارە (١٦) وپەسەند کردنی.

٥- پڕکردنەوەی فۆڕمی بەڵێننامەی تایبەت بە مۆڵەتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارە (٢٠) وپەسەند کردنی.
٦- پڕکردنەوەی فۆڕمی زانیاری ژمارە (١٧) ئەگەر دەستەبەری بە مەبەستی بەیەك گەیاندنی خێزان بێت.
٧- نابێت کەسی سروشتی دەستەبەری (٣) کەسی بیانی زیاتر بکات بەڵام ئەگەر ئەندامانی یەك خێزان بن بە پێی مادەی یەکەم برگە (١٠) دەکرێت لە (٣) کەس زیاتر بێت و ئەمەش تەنها یەك خێزان دەگرێتەوە.

**دووەم:** هاووڵاتی بیانی یان دەستەبەر دەتوانێت داوای گۆڕینی دەستەبەری بکات بەم مەرجانەی خوارەوە:
١- پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی تایبەتمەند.
٢- دەبێت هاووڵاتی بیانی کارتی نشینگەی هەبێت کە لە (٦) مانگ کەمتر نەبێت.
٣- ئامادەبوونی کەسی بیانی و دەستەبەری کۆن و نوێ لە بەڕێوەبەرایەتی نشینگە.
٤- جێبەجێکردنی گشت بڕگەکانی خاڵی (یەکەمی) ئەم ماددەیە.

**سێیەم:** لە کاتی گۆڕینی دەستەبەری کەسی بیانی گشت بەرپرسیارییەتی دەستەبەری دەکەوێتە ئەستۆی دەستەبەری نوێ.

**چوارەم:** لە کاتی داواکردنی گۆڕینی دەستەبەر ئەگەر هاووڵاتی بیانی نەیتوانی دەستەبەرێکی نوێ ئامادە بکات ئەوا نشینگەی هەڵدەوەشێتەوە و دوور دەخرێتەوە.

**پێنجەم :**
١- ئەو کۆمپانیایانەی کە فۆڕمی ژمارە (٤) یان پەسەند کراوە، یاخود هەڵاوێر (استثناء) کراون لەو فۆڕمە، و بەرێوبەری رێگەپێدراوی کۆمپانیا عێراقی بێت، پێویستە کۆمپانیا فۆڕمی ژمارە (١٨) پڕبکاتەوە.
٢- ئەو کەسە بیانیە کە بە یەك گەیاندنی خێزان نشینگەی وەرگرتووە ناتوانێت لەسەر نشینگەی خۆی داوای بەیەك گەیاندنی خێزانێکی تر بکات.

**شەشەم :** ئەو کەسە بیانیانەی کە لە فەرمانگەکانی حکومەت کار دەکەن دەستەبەریان ناوێت ، تەنها کار بە پشتگیری فەرمانگەکە لەگەڵ گرێبەستی پەسەندکراو دەکرێت.

## مەرج و رێککارەکانی پێدانی نشینگە بە کەسی بیانی

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم: نیشینگە بە کەسی بیانی دەدرێت بەم مەرجانەی خوارەوە :**
١- پێشکەشکەش کردنی داواکارییەك لە لایەن داواکار ئەوانەی لە ماددەی (حەوتەم /بڕگەی یەکەم/ جگە لە برگە ١٢) ئاماژەیان پێ دراوە.
٢- پێشکەش کردنی کرێبەستی کارکردنی ستاندەرد بە زمانی کوردی یان عەرەبی وزمانی ئینگلیزی و لە لایەن کەسی بیانی واژوو دەکرێت و دەستەبەرکردنی کومەڵایەتی کةسی بیانی.
٣- پێشکەش کردنی گرێبەستی کارکردن لە رێکخراوی LOCAL NGO ئەگەر نشینگە بەمەبەستی کارکردن لە رێکخراو بێت.
٤- ئەنجام دانی پشکنینی خوێن بۆ نەخۆشییە گوازراوەکان و دەرچوون لەو پشکنینە.

٥- لاری نەبوونی لایەنی ئاسایش.
٦- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەکان (کارتی زانیاری، کارتی نیشتمانی یان بەڵگەنامەی باری شارستانی) ئەگەر سپۆنسەرەکە کەسی سروشتی بوو.
٧- ڤیزە لەلایەن چ لایەنێکی داواکار وەرگیرا بێت، پێویستە هەمان لایەن کاری نشینگەی بۆ ئەنجام بدات، جگە لە پارێزەر دەتوانن ڕێکارەکانی نشینگە لەسەر ناوی لایەنێکی تر ئەنجام بدات بە مەرجێک خۆیان ڕێکارەکانی نشینگەی بۆ ئەنجام بدەن.
٨- پڕکردنەوەی فورمی دەستەبەری و بەڵێننامە بەپێی جۆری سپۆنسەر.
٩- گشت بەڵگەنامە پێویستەکانی بەیەکگەیاندنی خێزان ئەگەر نشینگە بەمەبەستی بەیەگگەیاندنی خێزان بێت.
١٠- گشت بەڵگەنامە پێویستەکان ئەگەر نشینگە بە مەبەستی خوێندن بێت.
١١- گشت بەڵگەنامە پێویستەکان ئەگەر نشینگە بە مەبەستی کاری ڕێکخراوەیی بێت.
١٢- دانی گشت رسومات و سزاکانی کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە.
١٣- هاوپێچ کردنی ئەم بەڵگەنامانە:-
أ- کۆپی رەنگاو ڕەنگی پاسپۆرتی کەسی بیانی.
ب- کۆپی ڤیزەی ئەلیکترۆنی ئەگەر بە ڤیزەی خاڵی سنووری نەهاتبێت.
ج-(٤) وێنەی ڕەنگاوڕەنگی کەسی بیانی قەبارە (٤×٣)سم، کۆپی ڕەنگاوڕەنگی بەڵگەنامەکانی دەستەبەر (ڕەگەزنامە ، ناسنامەی باری شارستانی یان کارتی نیشتمانی، ناسنامەی نوێنەر، ناسنامەی پارێزەر، پەڕاوی کۆمپانیای سپۆنسەر).
١٤- کۆمپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری نشینگەی بیانیان وکۆمپانیاکانی هێنانی دەستی کاری بیانی دەتوانن نشینگە بۆ کەسی بیانی لەسەر سپۆنسەری کۆمپانیای خۆیان وەربگرن و تەواوی بەرپرسیارەتی یاسایی و دارایی کەسی بیانی دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان.

**دووەم/**

١- سیستەمێکی مۆدێرن لە گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی نشینگە دادەمەزرێت بۆ داواکردنی نیشینگە بۆ کەسی بیانی لەرێگای وێب سایتێکی ئەلیکترۆنی بەشێواز(ON LINE) ودەبەسترێتەوە بەوەزارەتی ناوخۆ
٢- پێویستە گشت ئەولایەنانەی کە لە ماددەی (حەوتەم بڕگەی یەکەم /أ) ئاماژەیان پێ دراوە و کۆمپانیاکانی بواری نەوت وکۆمپانیاکانی هێنانی دەستی کاری بیانی کۆدی تایبەت بە سیستەمی نشینگە (ON LINE ) وە ربگرن لە وەزارەتی ناوخۆ بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ دەست نیشان دەکرێت.
٣- سیستەمی کاری تایبەت بە پێدانی نشینگە لە گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی نشینگە یەک دەخرێن و پێویستە بە یەک شێواز کار بکەن.
٤- سیستەمی ئەلیکترونی زانیاری گەیشتن و چوون (arrival & departure) وقەدەغە لە گشت خاڵە سنوورییەکان جێبەجێ دەکرێت و دەبەسترێتەوە بە سێرڤەری ڤیزە لە وەزارەتی ناوخۆ ، هەروەها گشت زانیاری پێدانی نیشینگە بەکەسی بیانی لەرێگای سیستەمی ئەلیکترونی دەبەسترێتەوە بە سێرڤەری ڤیزەی وەزارەتی ناوخۆ .

٥- گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی تایبەتمەند و بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار و دەستەبەری کومەڵایەتی تایبەتمەند بە سیستەمێکی ئەلیکترۆنی دەبەسترێنەوە بە مەبەستی پێدانی ڕەزامەندی ئەمنی و مولەتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و پێویستە وەڵامی داواکارییەکان لە ڕێگای ئەم سیستەمە لە ماوەی (٥) پێنج ڕۆژی کار بدرێتەوە بە پێچەوانەوە کەسی بیانی نشینگەی پێ دەدرێت و ئەگەر لاری نەبوونی ئەمنی هەبوو دواتر نشینگەی هەڵدەوەشێتەوە و کەسی بیانی دیپۆرت دەکرێت.

## هەڵوەشاندنەوەی ڤیزە و کارتی نشینگە

**ماددەی (١٥):**

**یەکەم :** ڤیزەی سەردان یان مانەوە هەڵدەوەشێتەوە بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- لەسەر داواکاری کەسی بیانی یان نوێنەری یاسایی یان لایەنی داواکار.

٢- دەبێت کەسی بیانی ڤیزەکەی بەکار نەهێنا بێت.

**دووەم :** نشینگەی هاووڵاتی بیانی هەڵدەوەشێتەوە لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١- پێشکەش کردنی داواکارییەك لە لایەن خودی هاووڵاتی بیانی.

٢- ئەنجامدانی سەرپێچییەك یان دانانی ناوی لە لیستی ڕەش بەپێی ماددەی (دوانزەیەم)ی ئەم ڕێنماییە.

٣- ئەگەر یەکێك لە مەرجەکانی پێدانی نشینگەی لە دەست بدات.

٤- ئەگەر مەترسی هەبێت لە سەر تەندروستی یان ئاسایشی هەرێم.

## کۆتایی هاتنی گرێبەستی کارکردن

**ماددەی (١٦):**

**یەکەم :** ئەو کەسە بیانییەی گرێبەستی کارکردنی کۆتایی پێ دێت لەگەڵ خاوەن کار دەتوانێت داوای نوێ کردنەوەی کارتی نشینگە بکات بەمەرجێك گرێبەستێکی نوێی یاسایی کارکردن پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی نشینگە بکات لە هەرێم.

**دووەم:** دەبێت خاوەن کاری پێشوو پێش کۆتایی هاتنی گرێبەستەکە بە یەك مانگ ئامادە بێت لە بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی تایبەتمەند بۆ تۆمارکردنی هەر مافێك ئەگەر لە ئەستۆی کرێکاری بیانی ما بێت بە پێچەوانەوە ناتوانێت ڕێگر بێت لە نوێکردنەوەی نشینگەی کەسی بیانی.

**سێیەم :** لەکاتی تۆمارکردنی هەر سکاڵایەك لەلایەن خاوەن کاری پێشوو لە ماوەی بڕگەی (دووەم)ی سەرەوە، بەڕێوبەرایەتی نشینگە کێشەکە ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتي کار دەکات بەمەبەستی یەکلایی کردنەوەی کێشەکە لەلایەن دادگای کار و نشینگەی کرێکاری بیانی نوێ دەکرێتەوە تا کۆتایی هاتنی کێشەکە.

**چوارەم :** نوێکردنەوەی نشینگە بۆ کەسی بیانی کە لە بڕگەی یەکەم ئاماژەی پێ دراوە پێویست بە نووسراوی ئەستۆ پاکی خاوەن کاری یەکەم ناکات.

**پێنجەم /** ئەگەر نشینگەی کەسی بیانی کۆتایی پێهات و سپۆنسەری خرابێتە ناو لیستی ڕەش ، ئەوا دەتوانێت نشینگەی نوێ بکاتەوە بەسپۆنسەری کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی تر دوای جێبەجێ کردنی گشت ڕێنماییەکانی نشینگە.

## لیژنەکانی بەدواداچوون

**ماددەی (١٧):**

**یەکەم:** لیژنەیەك یان زیاتر لە گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی نشینگە پێك دێت بە مەبەستی بەدواداچوونی نشینگەی کەسانی بیانی لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیەکەیان.

**دووەم:** دەبێت ئەم لیژنەیە بە تەواوی تەرخان بکرێت بۆ ئەو کارەی کە لە بڕگەی یەکەم دیاری کراوە.

**سێیەم:** لەکاتی بەدیکردنی هەر سەرپێچییەکی تایبەت بە ڕێنماییەکانی ڤیزە یان نشینگە دەبێت بە کۆنوسێکی تایبەت ئەم سەرپێچییە دەست نیشان بکات.

**چوارەم:** لیژنەی بەدواداچوون ڕاپۆرتی ڕۆژانە بەرزدەکاتەوە بۆ بەڕێوەبەری نشینگە لە سنوری کارەکەی و تێدا سەرپێچی و پێشنیارەکان دەست نیشان دەکات.

**پێنجەم:** ئەم لێژنانە دەبەسترێنەوە بە بەشی بەدواداچوون لە بەرێوبەرایەتیەکانی نشینگە.

**شەشەم:** پێویستە لە سەر بەڕێوەبەرایەتی نشینگە ڕاپۆرتی مانگانە سەبارەت بە بەدواداچوونی لیژنە بەرز بکاتەوە بۆ وەزارەت لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم.

**حەوتەم:** پێویستە لیژنەکانی بەدوا داچوون هەماهەنگی تەواو بکەن لەگەڵ نوسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

## رسومات و سزاکان و بارمتەکان

**ماددەی (١٨):**

**یەکەم :** ئەو بڕە پارانەی لە خشتەی پاشکۆی ئەم ڕێنماییە هاتووە وەك رسومات و سزاکان و بارمتە وەردەگیرێت و دەخرێتە سەر حیسابی بەرێوەبەرایەتی ڤیزە لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و بەرێوبەرایەتییەکانی نشینگە لە پارێزگاکان.

**دووەم :** لە دەسەڵاتی بەرێوەبەرایەتی نشینگەیە بۆ ماوەی (٧) حەوت رۆژ لێبوردن بکات لە سزای دواکەوتن ئەگەر بکەوێتە رۆژانی پشوو بۆ کەسی بیانی کە نەیتوانی سەردانی نشینگە بکات یان ڤیزەی دەرچوونی وەربگریت.

**سێیەم:** هیچ کەسێکی بیانی لە رسومات و سزا داراییەکانی ڤیزە و نشینگە نابەخشرێت.

**چوارەم :** بەدەر لە خاڵی یەکەمی ئەم ماددەیە کارمەندانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتییانەی و فەرمانبەرانی کونسولگەرییەکان لە گشت رسوماتەکان دەبەخشرێن جگە لە سزا داراییەکان.

**پێنجەم :** لە حاڵەتی بەیەك گەیاندنی خێزان ئەگەر لایەنێك عێراقی بێت لە گشت رسوماتەکان دەبەخشرێن جگە لە سزا داراییەکان.

**شەشەم :** ئەژمێرێکی تایبەت دەکرێتەوە لە یەکێك لەبانکەکان بۆ دانانی بڕی بارمتە و رسومات و سزاکان کە بەپێی پاشکۆی ئەم رێنماییە لە لایەن بەرێوبەرایەتی ڤیزە لەدیوانی وەزارەتی ناوخۆ وەردەگیرێت و (٥٠٪) بەکاردەهێنرێت بۆ پەرەپێدانی سیستەمی ڤیزە و(٥٠٪) دەدریت بە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

**حەوتەم /** ئـەو بـڕە رسـومات و سـزایانەی کـە بـەپێی پاشـکۆی ئـەم ڕێنماییـە لـە لایـەن بەڕێوبەرایەتییـەکانی نیشینگە وەردەگیرین دەخرێنە سەر ئەو ئەژمیرانەی کە پێش دەرچوونی ئەم رێنماییە هەیانبووە.

**هەشتەم/** فەرمانبەرێکی ژمێریاری لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی نشـینگەی پارێزگاکـانی هەرێـم و بـنکەی نشـینگەی دەروازە سنورییەکان دادەنرێت بە مەبەستی وەرگرتنی رسوماتی ڤیـزە بە پسـوڵەی (٣٨/أ) و هەر (١٥) رۆژ جارێك رەوانەی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت بە مەبەستی دانان لەسەر ئەژمێری ڤیزە.

## مۆری هاتنەژوورەوە

**ماددەی (١٩):**

کـار بە هەمـان ئەو مـۆرانەی کە بەپێـی بەیـانی ژمـارە (٧)سـاڵی ٢٠١٧ و مۆرەکـانی هـاتنە ژوورەوەی خـاڵە سنووریەکان دروست کراون دەکرێت.

**ماددەی (٢٠):**

پێویستە لە سەر ئەو کۆمپانیانەی کە پێویستیان بە کارمەندی بیانی هەیە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی خۆیان فـۆرمی (٤) پـڕبکەنەوە تـا ڕێکەوتـی ٢٠٢١/٣/١ بە پـێچەوانەوە هـیچ ڤیـزە یـان نیشـینگە لە بەرژەوەنـدی ئەو کومپانیایە دەرناچێت یان نویٚ ناکرێتەوە وگشت مامەڵەکانی ڤیزە و نیشینگەیان ڕادەگیرێت.

**ماددەی (٢١):**

١. هەرگۆڕانکارییەك لە ڕێنماییەکانی ڤیزە یا نشینگە ئەنجام بدرێت لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئـەلیکترۆنی بڵاودەکرێتەوە و دوای (٧) حەوت رۆژ دەچێتە بواری جێبەجێکردن.
٢. هـیچ رێنمـایی و بـەیان و فەرمـان و نوسـراوێکی تایبـەت بـە ڤیـزە و نشـینگە کـاری پـێ ناکرێـت پـاش کارپێکردن بەم رێنماییە.
٣. ئەم رێنماییە لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی بڵاودەکرێتەوە.
٤. ئەم رێنماییە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە و لە رۆژی دەرچوونی کاری پێ دەکرێت.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

## خشتەی پاشکۆی ڕێنمایی پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە لە هەرێمی کوردستان

## [ بڕی رسومات و سزاکان و بارمتەکان ]

| رسومات | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | جۆر | بڕی رسومات | بە نووسین (دینار) | شوێنی وەرگرتن |
| ١ | گۆرینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە | ١،٠٠٠،٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە |
| ٢ | گۆڕینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە بۆ کەسە بیانییانەی ماددەی (چوارەم بڕگەی سێیەم /١)و هەڵگرانی رەگەزنامەی سوری بۆ (١) سال | ٣٠٠،٠٠٠ | سێ سەد هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە |
| ٣ | گۆڕینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە بۆ کەسە بیانییانەی ماددەی (چوارەم بڕگەی سێیەم /١) و هەڵگرانی رەگەزنامەی سوری بۆ (٦) مانگ | ١٥٠،٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە |
| ٤ | درێژکردنەوەی ڤیزەی سەردان بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ | ١٠٠،٠٠٠ | سەد هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە |
| ٥ | رسوماتی کارگیری نشینگە بۆ داواکاری پێدان یان نوێ کردنەوەی نشینگە | ٢٥،٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە |
| ٦ | رسوماتی ڤیزەی دەرچوون | ٦٠،٠٠٠ | شەست هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە |
| ٧ | رسوماتی گواستنەوەی دوسیێ | ٨٠،٠٠٠ | هەشتا هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە |
| ٨ | رسوماتی کارگیری بۆ هەر داواکارییەکی نوسراو جگە لە داواکاری پێدان یان نوێ کردنەوەی نشینگە | ١٠،٠٠٠ | دە هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە<br>بەرێوەبەرایەتی ڤیزە |
| ٩ | دەرکردنی کارتی هەواڵی گەیشتن | ٣٥،٠٠٠ | سی و پێنج هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە |
| ١٠ | دەرکردنی کارتی نشینگە و نوێ کردنەوەی بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ ماوەی شەش مانگ جگە لە رسوماتی کارگیری نشینگە | ٨٠،٠٠٠ | هەشتا هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە |
| ١١ | دەرکردنی کارتی نشینگە و نوێ کردنەوەی بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ ماوەی یەك ساڵ جگە لە رسوماتی کارگیری نشینگە | ١٥٠،٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە |
| ١٢ | دەرکردنی کارتی نشینگە و نوێ کردنەوەی بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ، جگە لە رسوماتی کارگیری نشینگە | ٣٠٠،٠٠٠ | سێ سەد هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٣ | پێدانی کارتی نشینگەو نوێ کردنەوەی بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ، جگە لە رسوماتی کارگێری نشینگە | ٤٥٠،٠٠٠ | چوار سەد و پەنجا هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە |
| ١٤ | دەرکردنی کارتی نشینگە لە بری ونبوو یان تێکچوون (بدل ضائع او تالف) | ٥٠،٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە |
| ١٥ | دەرکردنی کارتی هەواڵی گەیشتن لە بری ونبوو یان تێك چوون (بدل ضائع او تالف) | ١٥،٠٠٠ | پازدە هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە |
| ١٦ | پێدانی پاسپۆرتی تێپەربوون ( جواز مرور) | ٥٠،٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە |
| ١٧ | رسوماتی ئیداری رێگەپێدانی نوێنەر | ٣٠٠،٠٠٠ | سێ سەد هەزار دینار | بەرێوەبەرایەتی ڤیزە |
| ١٨ | رسوماتی کارتی نوێنەر | ١٠٠،٠٠٠ | سەد هەزار دینار | بەرێوەبەرایەتی ڤیزە |
| ١٩ | گۆرینی ڤیزە گەشتیاری بۆ نشینگە دوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ | ٢،٠٠٠،٠٠٠ | دوو ملیون دینار | بەرێوەبەرایەتی ڤیزە |
| ٢٠ | رسوماتی کارگێری ڤیزەی سەردان و گەشتیاری | ١٠٠،٠٠٠ | سەد هەزار دینار | بەرێوەبەرایەتی ڤیزە |
| ٢١ | رسوماتی کارگێری ڤیزەی کار کە لە رێگای وەزارەتی کار داوا دەکرێت | ١٥٠،٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار | بەرێوەبەرایەتی ڤیزە |
| ٢٢ | پێدانی کودی ڤیزە بو یەك ساڵ و نوێ کردنەوەی کود | ١،٠٠٠،٠٠٠ | یەك ملێون دینار | بەرێوەبەرایەتی ڤیزە |
| **بارمتە** | | | | |
| ٢٣ | کومپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری ڤیزە و نشینگە | ١٠٠،٠٠٠ | سەد هەزار دولار | بەرێوەبەرایەتی ڤیزە |
| ٢٤ | کومپانیای گەشتیاری | ٥٠،٠٠٠ | پەنجا هەزار دولار | بەرێوەبەرایەتی ڤیزە |
| ٢٥ | کومپانیای دەستی کاری بیانی | ٣٠،٠٠٠ | سی هەزار دولار | بەرێوەبەرایەتی ڤیزە |
| ٢٦ | کومپانیا بازرگانییەکان | ٢٥،٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دولار | بەرێوەبەرایەتی ڤیزە |
| ٢٧ | پارێزەری راوێژکار | ٢٠،٠٠٠ | بیست هەزار دولار | بەرێوەبەرایەتی ڤیزە |
| ٢٨ | پارێزەری کارا | ١٠،٠٠٠ | دە هەزار دولار | بەرێوەبەرایەتی ڤیزە |
| **سزاکان** | | | | |
| ٢٩ | سزای دواکەوتنی سەردان یان دواکەوتنی نوێ نەکردنەوەی کارتی نشینگە بۆ هەر رۆژێکی دواکەوتن بە پشووە فەرمیەکانیشەوە | ٢٠،٠٠٠ | بیست هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە سالآنە لە (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیون دینار تێپەر نەکات |
| ٣٠ | بۆ هەر سەرپێچییەکی تر | ٥٠٠،٠٠٠ | پێنج سەد هەزار دینار | بەرێوبەرایەتی نشینگە |

**وەزارەتی کارەبا**

**ژمارە : ٥٥٢ لە ٢٠٢١/١/٢٥**

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی و مەرجەکانی پێدانی ووزەی کارەبا**

**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی کارەبا ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٦ وە بەپێی پەسەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٥٦٠) لە ٢٠٢١/١/١٤ بڕیارماندا بە :-

- هەموارکردنەوەی خشتەی ژمارە (٥) لە ڕێنمایی و مەرجەکانی پێدانی ووزەی کارەبا ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە نرخەکانی یەکەی کارەبا بە پێی ئەم خشتەی خوارەوە دەبێت .

**١- جۆریماڵان :-**

| سەرف کردن<br>لە ماوەی مانگێك Kwh | یەکەی سەرف کردن لە<br>مانگێك بە kwh | نرخی کارەبا بە<br>( دینار ) |
|---|---|---|
| ١ – ٤٥٠ | ٤٥٠ | ١٨ |
| ٤٥١ – ٩٠٠ | ٤٥٠ | ٢٤ |
| ٩٠١ – ١٥٠٠ | ٦٠٠ | ٤٢ |
| ١٥٠١ – ٢١٠٠ | ٦٠٠ | ٧٢ |
| ٢١٠١ – ٣٠٠٠ | ٩٠٠ | ٩٠ |
| ٣٠٠١ – ٥٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ١٨١ |
| ٥٠٠١ – بە سەرەوە | -------- | ٢٤١ |

**٢- جۆری بازرگانی** (١٥٧) دینار بۆ هەر یەك (kwh) .

**٣- جۆری پیشەسازی .**

| سەرف کردن لە ماوەی مانگێك<br>kwh | نرخی کارەبا بە ( دینار ) |
|---|---|
| 0.4 KV | ١٤٥ |
| 11 KV | ١٢٠ |
| 33 KV | ١٢٠ |
| 132 KV | ١٢٠ |

٤- **جۆری کشتوکاڵی** (٣٦) دینار **بۆ** هەر یەك (kwh) .

٥- **جۆری میری** (١٨١) دینار بۆ هەر یەك (kwh) .

- ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەبێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**ئەندازیار / کمال محمد صالح**

**وەزیری کارەبا**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢١٧٤٦ لە ٢٠٢٠/١٢/٢٤**

**بەیانی ژمارە (٥٧) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیـانی ژمـارە (٣-٥-٦-٨-١٠-١١-١٢-١٣-١٤-١٥-١٦-١٧-١٨-١٩-٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٥-٢٦-٢٧-٢٨-٢٩-٣١-٣٤-٣٥-٣٦-٣٧-٣٨-٣٩-٤١- ٤٢-٤٤-٤٦-٤٨-٥٢) تـایبەت بەرێگـری کـردن لە بڵاوبـوونەوەی ڤایروسـی (کۆرۆنـا) و لە پێناو پاراستنی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:

**یەکەم:** قەدەغەکردنی گەشت کردنی هاوڵاتیانی عێراقی لە ڕێگای دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتانی (بریتانیا، باشووری ئەفریقا، ئوستralیا، دانیمارك، هولەندا، بلجیکا، کوماری ئیسلامی ئێران و ژاپون).

**دووەم:** قەدەغەکردنی هاتنی کەسانی بیانی لەو وڵاتانەی کە لە بڕگەی (١)ی سەرەوە ئاماژەیان پـێ دراوە کە لە دوای ٢٠٢٠/١٢/١٥ لەو وڵاتانە بوون ، جگە لە ئاژانس و ڕێکخراوەکانی (UN) وریکخراوە نێودەوڵەتیەکان وهاوپەیمانان و دیبلۆماتکاران و شاندە فەرمییەکان ڕێگە پێدراوە بە پێی ڕێنماییە تەندروستیەکان.

**سێیەم:** ئەو هاوڵاتیە عێراقیانەی کە لەو وڵاتانەی کە لە بڕگەی (١)ی سـەرەوە دەگەڕێـنەوە بـۆ مـاوەی (١٤) ڕۆژ لەسـەر ئەرکـی خۆیـان کەرەنتـین دەکـرێن لەو شـوێنانەی کە وەزارەتـی تەندروسـتی بـۆ ئەو مەبەسـتە ئامادەی دەکات .

**چوارەم:** داخستنی دەروازە سـنوورییەکانی (حـاجی ئـۆمەران، باشـماخ و پەرویزخـان) بە ڕووی گەشـتیاران ، و ئاڵوگوری بازرگانی بە پێی ئەو ڕێنماییانەی کە پێشووتر بڕیاریان لەسەر دراوە بەردەوام دەبێت.

**پێنجەم:** هەموو گردبوونەوە و کونفرانس و کۆبوونەوەیەك قەدەغەیە.

**شەشەم:** قەدەغەکردنی داوەت و شایی و چوونە سەرقەبران و دانانی پرسە بەردەوام دەبێت و بنکەی پـۆلیس و موختـاری گەڕەك بەرپرسـیارن، و هەر کەسـێك پابەنـد نەبێـت بە بـڕی (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیـون دینـار پێبژاردن پێ دەکرێت.

**هەفتەم:**

١- هەموو شوێنە گشتیەکان وەکو (مارکێت، ریستورانت و شوێنە بازرگانیەکان،...هتد) نابێـت ڕێگـە بـدەن بـە چوونەژوورەوەی هاوڵاتیان بۆ شوێنەکانیان بە بێ بەستنی ماسك ، بە پێچەوانەوە ئەو شوێنە دادەخرێـت بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ و خاوەنەکەی بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیون دینار پێبژاردن دەدات.

٢- دەسەڵات دەدرێت بە ژووری ئۆپەراسیونەکان لە پارێزگـا و ئیـدارە سـەربەخۆکان بە مەبەسـتی داخسـتنی ئەو بازار و فرۆشگا میللیانەی کە دەبنە هۆکاری قەلەباڵغی زۆر و گردبوونەوەی هاوڵاتیان.

**هەشتەم:** پێویستە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت فەرمانبەر و کرێکارەکانیان پابەند بکەن بە بەستنی ماسـك و جێبەجێ کردنـی ڕێنماییەکـانی خۆپـارێزی لەو دامەزرایەوە ، بە پـێچەوانەوە بە بـڕی (١٥٠،٠٠٠) سـەد و پەنجا هەزار دینار بۆ هەر حالەتێك پێبژاردن بەو دامەزراوە دەکرێت.

**نۆیەم:** پێویستە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی ڕێکارەکانی خۆپارێزی بکەن ئەگەر لە دوو کەس زیاتربوون بە تایبەتی بەکارهێنانی ماسك و پەیڕەوکردنی مەودای (١,٥) مەتر لە نێوانیان.

**دەیەم:** هەر کەسێك ڕەچاوی بەستنی ماسك نەکات بە پێی ڕێکارەکانی ئەم بەیانە بە بڕی (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار پێبژاردن دەدات.

**یانزدەیەم:** شوفێری ئوتومبیلەکان بە هەموو جورەکانیەوە (تایبەت ، بارهەڵگر ، کرێ) لە کاتی هەبوونی سەرنشین لە گەلیاندا پێویستە شوفێر و سەرنشین پابەندبن بە بەستنی ماسك ، بە پێچەوانەوە بە بڕی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بۆ هەر حالەتێك شوفێر وەك پێبژاردن دەدات.

**دوانزدەیەم:** لە کاتی سەرپێچی کردنی بڕگەکانی (شەشەم، هەفتەم، هەشتەم، نۆیەم، دەیەم، یانزدەیەم)ی ئەم بەیانە و جێبەجێ کردنی پێبژاردنەکان ئەم ڕێکارانەی خوارەوە پەیڕەو دەکرێت:

**یەکەم/** لایەنی ڕاسپێردراو بە وەرگرتنی پێبژاردن ئەمانەی خوارەوەن:

١- لێژنەکانی قائیمقامیەت لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

٢- پۆلیسی ڕێکاری (شرطة الانضباط).

٣- بەرێوەبەری فەرمانگە لە کاتی ئەنجام دانی سەرپێچی لە ناو ئەو فەرمانگەیە کە لێی بەرپرسە.

٤- بنکەی پۆلیسی هاتووچۆ.

٥- ئەفسەری پۆلیسی هاتووچۆ لە کاتی ئەرکدا.

٦- بنکەکانی پۆلیس.

٧- ئەفسەری پۆلیس لە کاتی ئەرکدا.

**دووەم/** ئەو پێبژاردنانەی کە بە پێی بڕگەکانی (شەشەم، هەفتەم، هەشتەم، دەیەم) وەردەگیرێت بەکاردێت بۆ کرینی پێداویستی خۆپاراستن بە تایبەتی ماسك بۆ فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ هاندانی ئەو تیمانەی کە بەدواداچوون دەکەن و پێبژاردنەکان جێبەجێ دەکەن و لە لایەن وەزیری ناوخۆ بە فەرمانی وەزاری خەرج دەکرێت.

**سێ یەم/** ئەو سەرپێچیەی کە بەپێی بڕگەی (یانزدەیەم) تۆمار دەکرێت بە ئامێری سزادانی ئەلیکترونی یان بە توماری سەرپێچی دەخرێتە سەر توماری سزاکانی ئۆتۆمبێل لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ و بڕی پێبژاردانەکان دەخرێتە سەر ئەژمێری پەرەپێدانی هاتووچۆ.

**چوارەم/** لە کانی نەدانی پێبژاردن لە لایەن سەرپێچی کار ئەوا ڕادەستی نزیکترین بنکەی پۆلیس دەکرێت بە مەبەستی وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی بە پێی ماددەی (٢٤٠) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو و بە ڕەچاوکردنی ماددەی (١١٠) بڕگەی/ب لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣) ساڵی ١٩٧١.

**سیانزدەیەم:** جەژنی لە دایك بوونی حەزرەتی مەسیح بەرز رادەگیرێت لە کلیساکانی هەرێمی کوردستان بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی وەك بەستنی ماسك و ڕەچاوکردنی مەودای نێوان دوو کەس لە (١,٥م) کەمتر نەبێت و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەرپرسیار دەبێت لە جێبەجێ کردنی ئەم بڕگەیە.

**چواردەیەم:** سازکردنی ئاهەنگی سەری ساڵ قەدەغەیە و هەر شوێنێك یان هوتێل یان هولێك یـان کافتریاییـك یان ریستورانتێك یـان یـانەیەکی شـەوانە یـان یـانەیەکی وەرزشـی یـان سـەنتەرە کومەڵایەتیەکـان و مۆڵەکان و هەر شوێنێکی تر کە بۆ مەبەستی ئاهەنگ گێران ئامادەکرا بێت پێگیری نەکات بەم بـرگەیە بە بڕی (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیون دینار پێبژاردن دەدرێت لەگەل داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی یەك مانگ.

**پانزدەیەم:** گشت ئەو شوێنانە کە لە بڕگەی (چواردەیەم) سەرەوە ئاماژەی پێ دراوە لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شـەو دادەخـرێن وە هەر شـوێنێك لەوانە پێگیـری نەکـات بە بـڕی (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێـنج ملیـون دینـار پێبـژاردن دەدرێت لەگەل داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی یەك مانگ.

**شانزدەیەم:** پێویستە فەرمانگەکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان گشـت رێکارەکـانی خۆپـارێزی جێبەجـێ بکەن لە فەرمانگەکانیان و لێژنەکانی بەدواداچوون لەسەر فەرمانگەکان کە بە پێی بەیـانی ژمـارە (٥٢) دیـاری کـراوە بەردەوام بـن لەسـەر کارەکانیـان و هەمـان سـزا ئەو فەرمـانبەر و ئەفسـەر و کارمەنـدانە دەگرێتەوە کە سەرپێچی دەکەن بە پێی بەیانی ژمارە (٥٢).

**هەڤدەیەم:** پێویستە ژووری ئۆپەراسیونەکان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و گشت یەکە کارگێریەکانی تر ئەم بەیانە جێبەجێ بکەن و بەرپرسیارەتی جێبەجێ نەکردنی ئەم بەیانە دەکەوێتە ئەستۆیان.

**هەژدەیەم:** ئەم بەیانە لە ٢٠٢٠/١٢/٢٤ کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو جێبەجـێ دەکرێـت و تـا ٢٠٢١/١/١٥ کـاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو بەردەوام دەبێت.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢١٧٤٦ لە ٢٠٢٠/١٢/٢٤**

## بەیانی ژمارە (٥٨) ساڵی ٢٠٢٠

دوابەدوای بەیـانی ژمـارە (٣-٥-٦-٨-١٠-١١-١٢-١٣-١٤-١٥-١٦-١٧-١٨-١٩-٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٥-٢٦-٢٧-٢٨-٢٩-٣١-٣٤-٣٥-٣٦-٣٧-٣٨-٣٩-٤١- ٤٢-٤٤-٤٦-٤٨-٥٢-٥٧) تايبەت بەرێگری كردن لە بڵاوبـوونەوەی ڤايروسـی (كۆرۆنـا) و لە پێناو پاراستنی ئاسايشی تەندروستی هەرێمی كوردستان ، بڕيارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەيانە:

**يەكەم:** قەدەغەكردنـی گەشـت كردنـی هاووڵاتيـانی عێراقـی لە رێگـای دەروازە سـنوورييەكانی هەرێمـی كوردستان بۆ وڵاتی (لوبنان).

**دووەم:** قەدەغەكردنی هاتنی كەسانی بيانی لە وڵاتی (لوبنان) كە لە دوای ٢٠٢٠/١٢/١٥ لەو وڵاتە بـوون ، جـگە لە ئاژانس و رێكخراوەكانی (UN) و رێكخراوە نێودەوڵەتيەكان و هاوپەيمانان و ديبلۆماتكـاران و شـاندە فەرمييەكان رێگە پێدراوە بە پێی ڕێنماييە تەندروستيەكان.

**سێيەم:** ئەو هاوڵاتيە عێراقيانەی كە لە وڵاتـی (لوبنـان) دەگەڕێـنەوە كەرەنتـين دەكـرێن بەپێـی رێنماييەكـانی وەزارەتی تەندروستی.

**چوارەم:** ئەم بەيـانە لە ٢٠٢٠/١٢/٢٦ كـاتژمێر (١٢:٠٠)ی شـەو جێبەجـێ دەكرێـت و تـا ٢٠٢١/١/١٥ كـاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو بەردەوام ەبێت.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزيری ناوخۆ**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٢٥٥ لە ٢٠٢١/١/١٤**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە مـاددەی (١٧) بـڕگەی دووەم لە یاسـای وەزارەتـی دارایـی و ئابووری هەرێمی كوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) بڕیارماندابە:

- كردنەوەی (استحداث) بەرێوەبەرایەتی یاسا لە دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابووری
- لە رێكەوتی دەرچوونی ئەم بەیانە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٢٥٥ لە ٢٠٢١/١/١٤**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە مـاددەی (١٧) بـڕگەی دووەم لە یاسـای وەزارەتـی دارایـی و ئابووری هەرێمی كوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) بڕیارماندابە:

١- گۆرینی ناوی (بانكی كەلار ) بۆ (بانكی گەرمیان) لە سنوری ئیدارەی گەرمیان .

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەكرێت لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی كوردستان .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

**بەیانی**

**ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٢٠**

١- کردنەوەی (کلینکی چارەسەری نەخۆشی چەوری خوێن) لە گەوراندا لە نەخۆشخانەی چارەسەری بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی.

٢- کردنەوەی (کلینکی چارەسەری نەخۆشی چەوری خوێن) لە منداڵاندا لە نەخۆشخانەی منداڵبوون و منداڵانی هەڵەبجە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە .

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٣٠.

**بەیانی**

**ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی (نەخۆشخانەی ئیماراتی) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٣٠.

**بەیانی**

**ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی (نەخۆشخانەی چاودێری چڕی لالاڤ) لە هەولێر سەر بەبەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/١٠.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**
**رقم القرار: ١**
**تأريخ القرار: ٢٠٢١/١/٦**

**قرار**
**رقم (١) لسنة ٢٠٢١**

استناداً إلى حكم الفقرتان (١ و ٤) من المادة (السادسة والخمسون) من قانون رقم (١) لسنه ١٩٩٢ المعدل والمادة (السادسة) من قانون رقم (٣) لسنه ١٩٩٢ المعدل والفقره (اولاً) من المادة (٧٧) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق، قرر برلمان كوردستان بجلسته غير اعتيادية المرقمة (١) للدورة الانتخابية الخامسة والمنعقدة بتأريخ ٢٠٢١/١/٦ما يلي:

**أولاً**: منح الثقة للسيد (كمال عبدالحميد عبدالرحمن) وزيراً للثروات الطبيعية.

**ثانياً**: ينفذ هذا القرار من تأريخ اداءه اليمين القانونية فى (٢٠٢١/١/٦) وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. ريواز فايق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**